

# ئەوانەی کە هەردەم چاوەڕێن ؟

:ئاسۆ عوسمان
Asoahmad2004@yahoo.com
Lawa_0@hotmail.com





بیست ساڵە ئەمانە هەرچاوەڕێن ئەمڕۆنا سبەیی ئازیزە کانیان دێنەوە ئەم ساڵنا ساڵێکی تر مناڵەکانیان دێنەوە هاوسەرەکانیان د ێنەوە ،هەموشەوێك لەخەونیاندا خۆشەویستەکانیان دەگەڕێنەوە .ئەوەبیست ساڵە ئەمانە لەهەموسۆزو خۆشەویستێەك دا بڕاون، بیست ساڵە سکیان برسیی‌و جلیان ڕەشە ،کچە عازەبەکانی( 88) ئێستا پرچی سپیی دەهۆننەوە بەدەم چاوەڕوانی هاتنەوەی خۆشەویستەکانیانەوە ،ئەمانە بیست ساڵە چاوەڕێی ئەوەن ئەنجام دەرانی تاوانی ئەنفال سزا بدرێن . ئەم مرۆڤانە ژیانی خۆیان و ماڵومناداڵیان کردە قوربانی شۆڕشێك . لەپێنا وی ئازادبوو نی نەتەوەکەیان بەر دڕندەترین سزای دیکتا تۆر کەوتن .خەبات و قوربانیدانی ڕەشپۆشەکانی گەرمیان کوردستانی ئازاد کردو قەڵای دیکتا توری ڕوخاند ولێ ئەفسوس دوای دیکتا توریش هەرغەدر و نا حەقیی‌و زوڵم بەشی ئەم ڕەشپۆشانەیە .ئایی کەشورەییە بۆنەتەوەو دەسەلأتێك دوای بیست سالْ ئاوڕێك لەم مرۆڤە ئازاو خەبات گێڕانە نەداتەوە، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ئەگەر خەڵکی هەر نەتەوەیەکی تربوو نایە ئێستا لەئاسودە ترین ژیاندا ئەبوون ،وەلێ ئەفسووس ئێستا بالأی ڕەشی ئەم ژنانە شیوەن وگریانیان کراوەتە بازرگرانیو؟ ورگو گیرفانی سەدان کەسی پێتێرکراوە .سەر کردەی ئەم ڕەش پۆشانە ئێستا لەهەرمی دەسەلأت دایەو ئامادەیە لە و تاوانبارانە خۆشبێت کە ئەنفالی نەتەوەکەی کردووە .سەرکردەکانی ئەم ولأتە نزیك بە (17) ساڵە بۆجارێکیش ئاوڕیان لەم خەڵکانە نەداوەتەوە. ئێستا لای سەرەزلەکانی دەسەلأت ئەم خەڵکانە نەفام و کۆنەپەرستن و بەقەولی خۆیان پڕوپیرێژنن ،ئای کەلەنگیە بۆدەسەلأتێك دەیان هەزار مرۆڤی خاوەن هەڵویست و شۆڕشگێڕی وەك ئەم ژنانە لەهەژاری و نەداریدابن و لەو لاشەوە بەدەیان ملیۆن دۆلار لەپارەی ئەم ولأتە بەهەدەر بدرێت .ئێستا جاش و کۆنە بەعسیەکان مرۆڤی پێشکەوتن خوازونو لەهەموو دامەزراوەیەکی ئەم کوردستانەدا ئیشیان ماشیەو لەلایەن بەر پرسەکانەوە بەدیان پۆست و بگرە سەدان هەزار دۆلاریان لەخزمەتایە. مرۆڤەخەبات گێڕەکانیش لە لیواری پەنجەرەکانەوە هەر چاوەڕێی ئاوردانەوەیەکن .ئەو نوسەرانەی کەچەپڵەیان بۆئەنفال لێئەدا وبەشانو باڵی سوپادڕندنەکەی بەعسدا هەڵیان ئەدا ،ئێستاش بە نوسین و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فرمێسكه تیمساحیەكانیان تیكەی چەوریان پی پەیدا ئەكەن .ئەو هونەرمەندە بەعسیانەی كه گۆرانیان بۆسەرۆكی فەرماندە ئە وت بەشان و باڵی درەندەكاندا هەڵیان ئەدا،ئێستاش خەریكی گۆرانی و سرودی ئەنفالن و پارەی مۆڵیان لێچنگ ئەكەوێت .ئەو موستەشار و جاشانەی كە ئەزیزەكانی ئەنفالكردن ئێستا مەسوئولی شۆڕشگێڕن و بونەتە پێشمەرگەی دێرین و بەدەیان خانوو ئۆتۆمۆبیلیان هەیەو بوجەدەی مانگانەشیان هەزاران دۆلارە .حكومەتەكەشمان شەوڕۆژ وێردیسەر زمانیان ئەنفال ئەنفالە سەدان هەزار دۆلاریان بۆكۆڕو سیمینارو بلاٚو كراوەو كتێبی ئەنفال خەرج كردووە، لەبەرامبەریشدا ئەم مرۆڤانە ڕۆژانە لەدەلاقەی پەنجەرەكانیانەوە چاوەڕێی تەنیا سۆزێكی ئەم حكومەتەن كەژیانی خۆیان لەپێناوی درووستبونیا كردە قوربانی .



سەرۆكی عێراقی تازە ڕۆژانەدەیان عەرب دەبینێت و دەیان سەفەری بۆنەجەف و كەر بەلاكرد كەچی ڕۆژێك بیری گەرمیانی نەكردو سەرێك بكات بە ماڵێكی ئەنفالكراوە .سەرۆكەكانی ئێمە لەماوەی پێنج ساڵدا هەموو جیهان گەڕان بەلاٚم بۆتەنیا جارێك سەریان نەكرد بە ماڵی ئەنفالكراوێكدا .

هەرچی جاش و بەعسیو موستەشاروخەڵكی هەلپەرستە لەم حكومەتە سودمەند بوون حكومتی هەرێم بۆتە كانی زێڕ بۆیان ،تەنیا كەسانێك كەبێبەش كراون ئەم مرۆڤە شۆڕژگێر و بەهەڵوێستانەن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com